بەڕێز / بەڕێز سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی لە ڕێگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا.

بابەت / بەدەستهێنانی گرانتی توێژینەوە.

پاش سڵاو.....

بێم خۆش بوو کە ئاگاداری بەڕێزتان بکەمەوە کە توانیومە بڕی (10087$) دە هەزار و هەشتاو حەوت دۆلار وەک گرانتی توێژینەوە دابین بکەم بۆ گروپی توێژینەوەی Internet of Things and Systems Engineering Research Group لە کۆلێجی ئینفۆرماتیک کە یەکێکە لە گرووپەکانی سەنتەری توێژینەوەی سەرۆکایەتی زانکۆمان.

ئەم گرانتە لە چوارچێوەی پڕۆگرامەکانی کۆمپانیای وان، کە کۆمپانیایەکی خۆماڵیە و لە بواری تەنکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن کار دەکات و بنکەی سەرەکی لە شاری سلێمانیە، بۆ پەرەپێدانی تواناکان و هاوکاریکردنی زانستی دەزگاکانی خوێندنی باڵای کوردستان دەبەخشرێت.

بڕی گرانتەکە وەک ئامێرو پێداویستییەکانی تاقیگەیەکی توێژینەوەی پێشکەوتوو دەبەخشرێتە زانکۆمان.

لەو باوەڕەداین کە ئەم گرانتە هۆکارێکی باش بێت بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی زانستی و هاندانی داهێنان و ئەنجامدانی توێژینەوەی ئاست بەرز و پێگەیاندنی کادری بەتوانا لە زانکۆمان بۆ زیاتر پێگەیاندن و پێشخستنی ژێرخانی زانستی و تەکنەلۆجی کوردستان.

هاوپێچ لیست ونرخی ئامێرو پێداویستیەکان هاوپێچ کراوە.

لەگەڵ ڕێزدا

د.بەختیار ئیبراهیم سەعید

سەرۆکی گروپی توێژینەوەی

Internet of Things and Systems Engineering Research Group

لە سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

٢٠٢١/٥/٣